# له چی گێتیەكدا دەژین

هوشیار جاف... كەنەدا



من له بیرمه سەردەمێ منداڵ بووم ،ئێمه چەند برایەک بووین دەبوو هەر یەک له ئێمه به نۆره واته هەر بەیانییەی یەكێكمان لەخەو خەبەر دەكراینەوه تاوەكو بچین نۆره بگرین بۆ نان وەرگرتن یان سەموون ، تاوەكو بەگەرمی لەگەڵ چاو قاوەتیا بیخۆین ،ژەمەكانی تریش نانی تیریمان دەخوارد ، كه وەختێ پشووی هاوین دەهات من یەكێک بووم لەوانه دایكم محەلەبی بۆ درووست دەكردم و دەمخسته سەر سینیەک تاوەكو هەم ڕۆژەكەیشی پێ ببەمه سەر هەم لەو تەمەنەوه فێر بین چۆن باوەڕ بخەینه سەرخۆمان كه ڕۆژێک دێت دەبێت خۆمان بژێنین ، ئەمه پەروەردەیەكی جوان و پاک بوو تاوەكو له شته خراپەكان دوور بكەوینەوه ، زۆر جاریش بۆ زوو تر فرۆشتنی محەلەبیەكەم ڕێگەی محەلەبی شكێنەم گرتبووه بەر ،كۆمەڵێک منداڵم كۆ دەكردەوه هەر دوو كەس به پارەیەكی ووردە دەكەوتنه شكاندنی محەلەبیەكەو ئەوی دەیبردەوه دەیخوارد ، لەبەر ئەوەی ئەمه كاری ڕۆژانەم بوو یەكەمین جار دەم شكاند ، ئەنجام زۆربەی محەلەبیەكان خۆم دەم خواردن ، هەندێک لەوانه دەیان گووت من باوكم ڕاوچییه یان دەیان گووت پێشمەرگەیە دەستم ڕاستەو زوو دەیشكێنم ، له خۆشەویستی ووڵات و باوكی پێسمەرگەیان وایان دەزانی ئەوانیش ئازان ، ئەمه دڵپاكی بوو ، بیرو باوەڕێكی ئەبەدی بوو لەناو ڕۆحی زیندووماندا . كاتێ دەگەڕاینەوه ماڵەوه دایكمان خەریكی پڵیتەی زۆپا گۆڕین و نەوت تێ كردن و شەوانەش زۆر جار دایكمان یان باوكمان نەیان دەوێرا بخەوون لەبەر ئەوەی زۆپاكان غازی هەبوو چەندان جار خەڵک لەهۆش خۆ دەچوون ، ماوەیەک لەمەو بەر دوای 11 ساڵ گەڕانەوەم بۆ كوردستان هەمان تەكنەلۆجیای كه به منداڵی دیبووم بەكار دەهێننەوه،هەمان كڕنۆش بۆ سەر ئەو بەرماڵەی كه بۆ بەئینسان بوونی عەرەب دانرابوو هەر ماوەو بگره مزگەوتەكان سێ جار زیادی كردووه ،باوو باپیرانی ئێمه هەڵخەڵەتێنران كه خستیاننه سەر دینێک كه پەیوەندیەكی به ئێمەوه نییه ، بۆ خزمەت كردنی عەرەب ، كەچی خزمەتەكه زیادی كردووه ، جاران كه ئازادی لەكوردستاندا نەبوو هیچ نووسراوو بەڵگەنامەیەكی دەوڵەتی ووشەیەكی كوردی لەسەر نەبوو ، ئێسەتەش هەمان شتەو هیچ زیادی نەكردووه ، ڕۆژێک لەگەڵ بەڕێزێک لەكەنەدا دانیشتبووم كەپلەیەكی بەرزی پی دراوه لەلایەن دەستەڵاتی ئیمڕۆی عێراقەوه ووتی من كاتێک باوەڕم به فیدراڵی و ئازادی كوردستان هەیه كه ووشەی كوردی لەسەر پاسپۆرتی عێراقی ببینم كه ئێسته خۆمان بەبەشێک لەعێراق دەزانین ، كەنەدەبوو بەشێكێش بین لەعێراق ، دوای یازده ساڵ كاتێ گەڕامەوه شارەكەم سلێمانی خەونێک بوو بەڵام هێنده گەوره ببو ، هێندەی شەقام و قەسری گەوره گەوره تیا كرابۆوه ، نەم دەزانی چۆن بگەمه بەردەركی سەرا ، لەبەر ئەوەی به زۆر خانووەكەمان لێ سەندرابوو فرۆشرابوو به كەسێكی تر لەسەردەمی شەڕی پارتی و یەكێتی دا ، ناچار دەگەڕام تاوەكو بزانم دایكه جەرگ سوتاوەكەم له چی قوژبنێكی ئەم شاره جێگیر بووه ، وەختێ بینیم ئەو دایكەی كه به چوار دەوری 9 كوڕو 3 كچەوه له كۆشكێكی

سێ نهۆمیدا ژیابوو ئێستا کەوتۆتە ژورو هەیوانێکی پڕ دەرگاو پەنجەرەی کۆنەوە لە دەورو بەری مەعمەلی شەکرەکە دەژی ،کە تاوەکو ئەژنۆت دەچێتە قوڕەوە ،منالآنم دەدی هەمان سینی و هەمان جل و بەرگی دڕاو بە کۆلآنەکاندا هات و هاواریانە بۆ فرۆشتنی لوقمە قازیەک یان دەستە پەشمەکێک ،ئەوەی من تێ گەیشتم کلاسی مام ناوەندی لە کوردستاندا نەماوە یان زۆر فەقیر یان زۆر دەوڵەمەند ، ئەوانەی خەڵکی شار بوون کەوتبوونە دەرەوەی شارو ئەوانەی تر بە پێچەوانەوە ، کەواتە ئێمە چیمان کرد ئەوانەی ویستمان بی گۆڕین وا دەرنەچوو ئەو سەردەمە کلاسیکیەی قەرنێ لەمەو پێش خەلک تێیدا دەژیان ئیمڕۆ دووبارە بۆتەوە ،مۆدێرنیزمی هەر وولآتێک لە شارستانیەتەوەیە ،کە شارستانیەت نەگۆڕا کەواتە شتە کان بە بەستراوی و سەرسامی لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە ،لەگەڵ هەر کەس دادەنیشتم خەم و ئازاری هەڵدەڕشت گازندەی دەکرد ، ئەو خەڵکە ڕەسەنەی سەردەمێ ژیانیان هەبوو هێندەیان پێ دەکرێ کە پرسیارێکیان لێ دەکەی بە هەناسەیەکی قوڵەوە وەلآمت دەداتەوە ،فرمێسک دەڕێژێ ،کە منداڵ بووم بیرمە ڕۆژانی هەینی ڕۆژی گۆشت و برنج بوو ،ئێستە ئەوەش نەماوە ، باشە ئێمە بۆ وامان کرد ؟ لە دایکمم پرسی باشە دایە گیان تۆ مێردوو سێ کوڕت کوژران بۆ ئازادی دەبێ پاداشتەکەی ئەمە بێت لە وەلآمدا ووتی کورەکەم گۆێ مەدەرێ بەس نییە ئەژین .